هەر یەکێکتان دروستکردنی -بەم جۆرەیە- کۆدەکرێتەوە لە سکی دایکیدا لە چل ڕۆژدا

لە ئەبی عبد الرحمن عبداللە کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆمانی گێڕایەوە لەکاتێکدا ئەو ڕاستگۆیە و بەڕاستگۆ دانراوە، فەرمووی: «هەر یەکێکتان دروستکردنی -بەم جۆرەیە- کۆدەکرێتەوە لە سکی دایکیدا لە چل ڕۆژدا، پاشان دەبێتە خوێنێکی مەیو بۆ هەمان ماوە، پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێک بۆ هەمان ماوە، پاشان فریشتەیەکی بۆ دەنێردرێت ڕۆحی بەبەردا دەکات وفەرمانی پێدەکرێت بە چوار شت: ڕزق وتەمەن وکردەوە، ولادەرە لە ڕێبازی خودا یان لەسەر ڕێبازی خودایە، وسوێند بە ئەوزاتەی کە هیچ پەرستراوێک -هەق وڕاست نییە بپەرسترێت- جگە لە ئەو، یەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت هەتاوەکو لەنێوان ئەو وبەهەشت -دووری- باڵێک دەمێنێتەوە؛ قەدەر دێتە پێشی، بۆیە کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ و دەچێتە نێویەوە، ویەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتاوەکو لەنێوان ئەو ودۆزەخ -دووری- باڵێک دەمێنێتەوە؛ قەدەر دێتە پێشی، و کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت و دەچێتە نێویەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم]

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمانی گێڕایەوە لەکاتێکدا ئەو ڕاستگۆیە لە فەرموودەکانی، و بەڕاستگۆ دانراوە لایەن خوای گەورەوە -سبحانه وتعالى-، فەرمووی: یەکێکتان خولقاندنی کۆدەکرێتەوە، ئەمیش پاش ئەوەی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی جووت دەبێت ومەنی پیاو وئافرەتەکە کۆدەبێتەوە لە ڕەحمی ئافرەتەکە پاش چل ڕۆژ دەبێتە دڵۆپەیەک -نوتفەیەک- لە مەنی پیاو وئافرەت، پاشان دەبێتە پارچە خوێنێک ئەمیش پارچە خوێنێکی چڕی کولۆیە، ئەمە لە چل ڕۆژی دووەم، پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێک بەقەبارەی ئەوەندەی بتوانرێت قووت بدرێت، ئەمە لە چل ڕۆژی سێیەم، پاشان خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت، بۆیە ڕۆح دەکات بەبەریدا پاش تەواوبوونی چل ڕۆژی سێیەم، وفەرمانی پێدەکرێت بەنووسینی چوار شت : ڕزقەکەی، ئەمیش ئەو نیعمەتانەیە کە دەستی دەکەوێت لە تەمەنیدا، وئەجەلەکەی، ئەمیش ماوەی مانەوەیەتی لەدونیادا، وکردەوەی، ئایا چۆن کردەوە دەکات؟ ئایا خراپەکار -چارەڕەش- یان چاکەکارە -بەختەوەرە-. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندنی خوارد : یەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت، وکردەوەکانی لای خەڵکی چاکەکارییە، بەردەوامەلەسەری هەتاوەکو لەنێوان ئەو وبەهەشت -دووری- باڵێک دەمێنێتەوە، واتا: دووری ئەو کەسە لە بەهەشت هێندەی دووری کەسێکە لەشتێکەوە لە سەر زەوی بەدووری باڵێک، بەڵام قەدەر دێتە پێشی وئەوەی لەسەری نووسراوە جێبەجێ دەبێت، بۆیە کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ و کۆتا کردەوەکانی بەم شێوەیە دەبێت ودەچێتە نێویەوە، چونکە مەرجی قبوڵبوونی کردەوە ئەوەیە کە لەسەری جێگیر بێت ونەگۆڕێت، وکەسێکی تر کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتاوەکو نزیک دەبێت لەوەی بچێتە دۆزەخەوە، واتا: دووری ئەو کەسە لە دۆزەخ هێندەی دووری کەسێکە لەشتێکەوە لە سەر زەوی بەدووری باڵێک، بەڵام قەدەر دێتە پێشی وئەوەی لەسەری نووسراوە جێبەجێ دەبێت، بۆیە کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت و کۆتا کردەوەکانی بەم شێوەیە دەبێت ودەچێتە نێویەوە،

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66513